سەید حەکیم: یەکڕیزی نیشتمانی و فرەیی ئابووری بنەمان ب□ □ □ووبەڕووبوونوەی ڕکابەرییەکانی قۆناغی داهاتوو



لەنووسینگەی خۆی لە بەغدا، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەر□ک□زیرانی پێشووتر کرد و لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچکە کرا لەگەڵ قۆناغی پاش کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی بۆ شەڕی داعش و سەماحەتی داوای کرد ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکان ببنەوە بە خۆڕاگری و یەکڕیزی زیاتر و ناردنی پەیامی دڵنیایی لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆ قۆناغی داهاتوو.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کەسروشتی ڕکابەرییە ئابووریەکان کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە و داوای کرد پشت بە چارەسەری هەنووکەیی و قۆناغی ببەستن، لەگەل چارەسەری ستراتیژییەك كە وابكات عێراق لە دەوڵەتی تاك داهات ڕزگار بكات و بیكاتە ولاتێك ئابووری فرە بێت و کەرتەکانی بەرهەم هێنان ئەکتیف بكات و رۆڵی کەرتی تایبەتیش باشتر بکات.